# سوکایەتی بە ژیان

ڕزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

" ئەحمەد نەژادی" سەرۆکی ئێران یەکەم سەرۆک بوو لە دونیادا لەچەرخی بیست ویەکدا حاشا لەهۆلۆکۆست بکاو گاڵتەی پی بکا.ئەم حاشا کردنە لەهۆلۆکۆست دەنگدانەوەیەکی گەورەی سیاسی هەبوو،زۆربەی لایەنەکانی ئەم حاشاکردنەیان زەقتر کردەوە ،کەوتبوونە شوێن بەرژەوەندو ئامانجێکەوە کەزیاتر بریتی بوو لە بەکارهێنانی وەکو کەرستەیەکی پرۆپاگەندەی سیاسی و ئیعلامی . چونکە زۆربەی





لایەنەکان بە حکومەتی ئیسرائیلیشەوە،پێوستیان بەکەللەپوت و فاشیستێکی وەکو ئەحمەدی نەژادیان هەبوو ،بۆ ئەوەی ڕێگای مشەخۆری،سیاسی وئایدەلۆژیەکان، لەسەر تراژیدیاکی ئاوا گەورە سەر لەنوێ خۆش بکرێتەوە.لەهەموو لایەنێکیش زیاتر، حکومەتی ئیسرائیلی هەلپەرستانە،تەپ و تۆزی سودبینینی لەم هەرایە بەباکردەوە.

ڕزگاربوانی هۆلۆکۆست ژمارەیان دەدا لە 250 کەسێک کە لە ئیسرائیلدا دەژین،ئەمانە زۆربەیان لە تەمەنی 70 بۆ 80 ساڵ دەبن .باری ژیان وگوزەرانی ئەم ڕزگاربوانە،بە پێچەوانەی چیرۆکی تراژیدیای هۆلۆکۆست،لە پشتی پشت تێکردن و بچوک کردنەوەیەکی پڕ لەسوکایەتی دایە،ئەوان لەزمانی خۆیانەوە،لەلافیتەی خۆپیشاندان وناڕەزایەتیەکانی دوێنێدا 2007/8/4 لەئیسڕائیل،بە سادەیی لەم سوکایەتی پێکردنە دەدوان.

ئەوان ئەو پاڵەوانەن کە مناڵان لەئیسرائیل لەقوتابخانەکان،دەرسییان لەسەر دەخوێنن وبۆ بنیات نانی ناسنامەی ناسیۆنالیستی لەسەر تراژیدیاکانی ئەوان جۆش دەدەرێن . بەڵام کەم مناڵ هەیە لەئیسرائیل ئەوە بزانێ کەدەشێ ئەو پاڵەوانەی پێ ی جۆش دراوە، دراوسێ ماڵەکەیان بێ ،باپیرە گەورەی هاوپۆلەکەی بێ،لە هەژاری و بێ دەرامەتیدا بژی،یان پارەی دەرمان و چونەخەستەخانەی نەبێ.

پشت تێکردن لە ڕزگاربوانی هۆلۆکۆست ، یان بەڵین دانی حکومەتی ئیسرائیل بۆ زیاد کردنی 20$ بۆ موچەی خانەنشینیان،وێنەیەکی بچوک نیشان دەدا ،لە داڕمانی دوا ئەڵقەکانی ئەو ڕێزو پڕەنسیبانەی لەدەوری بەهای مرۆڤ وتراژیدیاکانیدا هەیە.مرۆڤی تراژیدیا گەورەکان،چ وەکو قوربانی چ وەکو ڕزگاربوو ،بە درێژای سەدەی بیست ،سەدەی بیست ویەکیش چڕ کراوەتەوەو بۆ زمانی ژمارە ، پەیکەرەکان،مۆنۆمێت ،داستانی لاستیکی بەدەستی سیاسەت وبەرژەوەندەکان.

ستاندارد بۆ ڕێزگرتن لەمرۆڤ وەکو قوربانی ، وەکو ڕزگاربوی تراژیدیە گەورەکان،نەک تەنیا لە ئیسرائیل بەڵکو لە کۆی دونیادا ڕۆژ لەدوی ڕۆژ زۆربێ باکانە بچوک و بچوک دەبێتەوە.لۆژیکی بزنس ودەسکەوتە ئابوریەکان،لەبەرامبەر بێ بەهابوونی مرۆڤدا،لەئیستادا لەزۆربەی کورەی شەڕو تراژیدیاکانی دونیادا، براوەی کۆتایی ڕۆژە ، دیارنیە کەی بەرەی سپی لە دونیادا دەتوانی ڕۆژێک ودووان لە ئایندە بە بێ زیان بۆ مرۆڤ بۆ ژیان بباتەوە.

لەم جیهانەی باسمان کرد ، عێراق نموونەی زیندووی ڤێتنامێکی دۆڕاوە . دۆڕاو نەک لەبەرامبەر سوپای ئەمریکا، یان لە بەرامبەر ئەوانەی شەر لەگەڵ ئەمریکا دەکەن،بەڵکو دۆڕاو لەبەرامبەر مانەوەی نوزەی مانایەک بۆ ژیان . دۆڕاو لەبەرامبەر بوون بە تاکێک لە ڕەوە مرۆڤی پڕ لەڕقی کوێر، بۆ دەست تێچوونی دراوسێ دێرینەکان لەخوێنی یەکترو تەماح لە کەللەسەری مناڵانی یەکتر. دۆراو لەبەرامبەر حیکمەتی دەوڵەمەندبوونی خێراو بێ سنوور، لەپەنای گەشانەوەی بازاڕی سەنعەتی کفن وتابوت دروستکردنی بێ ئەژمارو بێ سنوور.

له کوردستان ،کەسو کاری قوربانیانی ئەنفال ،بریندارەکانی بۆمبارانی کیمیاوی،جۆرێکیتر لەمردن تاقی دەکەنەوە،کە زۆرلەمەرگ و لەدەست چوونی ئازیزانیان پڕ ژانترە.مردنێک بریتیە لە زیندانی کردنیان له نێو دەقە ئایدەلۆژەیەکان، شین و شەپۆڕی یادکردنەوە پڕ



لەپڕوپاگەندەکان . ڕێزکردنیان لەسەرە دوردرێژەکانی بەڵێنی زۆربڵێ و بێ گیانەکان . زیندانێک کە ئامادە نیە،ئەم هەموو مرۆڤە وەکو ڕزگاربوی تراژیدیەکی گەورە سەیربکاو لە پشتەوەی دەم وچاوەکانیان ژیان ومرۆڤی خاوەن مافی ڕێزو حورمەت ببینێ .لەکوردستان ولەجیهانێکی وادا،ئێمە شانبەشانی تێکەڵێک لە ڕزگاربووانی تراژیدیا گەورەکانی هەموو دونیا،شانبەشانی تێکەڵێک لەنەوە جیاجیاکانی گەنج وپیرەکانی هەموو دونیا،هێشتا فریای ژماردنی زیان و ئەزمونی تراژیدیاکانی چەرخی بیست نەکەوتین.کە چەرخی بیست و یەک، بە توندو تیژی و دڵڕەقیەکی گەورەترەوە ، بە زرمەزرم ولورە لورەوە دەرگای خۆی لێمان کردەوە !